# ( بژی عەشق بژی مرۆڤ ) *

پێشکەشە / بە کەژاڵ خدر



ناله حەسەن

ئەو رۆژانەی
خەونە سپیدەییەکانی بزە ئەرخەوانیەکانم
لەبەر ریژنەی بارانە تریفەییەکان
بە دلێکی پر لە عەشق و بە ئەوینێکی وەنەوشەیی سەمایان دەکرد
بالا شەنگەبییەکەی خۆزگەکانیشم
لەسەر تەرمی شەوە ئەنگوستە چاوەکان دەبریسکایەوە
نم نم لە گەل ئومێدە پە پوولەییەکانم ریم دەکرد
ئەو رۆژانە چەند بەختەوەر بووم. . . !
منی خونچەتر لە بالآی شەونمی سەر گەلا سەوزەکان
منی دلگەشتر لە سەمفۆنیا لاولاوەییەکانی شەوە سوورەکانی
رووبار
منی دلّ پر لە ئەڤین و جەستە لیواو لیو لە عەشق

عەشقی ساتە رەهاییەکانی تەمەن و ئەڤینی تاڤگەی
ئایندەیەکی باشتر
لە ساتە سووربووەکانی ئەو رۆژانەم
دەمویست گۆنای ئەو بەیانیە ماچ بکەم، کە گورزە رووناکیەکەی

تێنوێتی نامۆیی دلیان دەشکاندم
دەمویست لەگەل کاروانی ئەڤینداران ڕێ بکەم، بەهەشتە
ئەبەدیەکەی پێش مردنم ببینم و
شەوانان بە ئارامی گوێ لە گۆرانیە بە سۆزەکانی ڕووباری عەشق بگرم
من دەمویست، شکۆفەی عەشقی سەر لێوەکانم بۆ هەمیشە
گەشتر بێت و ڕێژنە بارانی خەونە خۆشەکانیشم بە گورتر بن
بەلام سەد ئاخ. . . !
کاشکا : ئەو ڕۆژانەم بە چاوەکانی خۆم نەدیبا
کە بالایان لەشەوەزەنگ هەلکێشام و لە نێو تاشەبەردەکانی مەرگ
بە تابووتە ئەبەدیەکانیان سپاردم.
خۆزگە : دێوزمەی مەرگ و ئافاتە ڕەشۆکیەکانم بەچاوەکانی
خۆم نەدیبا کە تیایدا،
ئەشقیاکانی تریفەی مانگ زیندە بەچال دەکران
چ خەزانێکە ساتە تاریکەکانی ئەشکەوتە دۆزەخییەکان
چ شەو مەرگێکە ژانە ژینە گۆرستانیەکانی تەك کێلە مردووەکان
پە پوولەیەك نەبوو، ڕێبوارێك نەبوو
شەوانان گوێ لە ڕازە سوورمەییەکانی دلم بگرێ
منی خونچەتر لە باران،
ئارەزووم بوو، باوەشم بۆ خۆرەتاوە گەشەکەی حەزەکانم
بکەمەوە
ئارەزووم بوو، لەژێر سێبەری دارسێوێك ڕابکشێم و شنەی
نەسیمی ئێوارانیش لەسەر سینگی خۆی هەلم بگرێ و بم بات بۆ لای
ئەو فریشتەیەی خۆشم دەوێ. . .
لە ڕێگادا : میراتگرانی شەوەزەنگی نێو ئەشکەوت و گومبەزەکان
ئەوانەی ( عەشق و گولّ و ئافرەت و ژیان ) زیندەبەچال دەکەن
ئەوانەی چاویان بە تریفەی مانگ و بە بریسکەی بەیانیان،

هەڵنایێ. . . .

لاشەیان شەلالی خوێن کردم. . . ئێستە دڵم پارچەیەکە لە برین

ئێستە دڵم دەریایەکە لە رق و تەفرەت بەرامبەر بە کەللە پووچەکانی

چەرخە بەردینیەکان

ئێستە دڵم کانیەکە پر لە عەشق، بۆ ئایندە

بۆ ئەو بەیانیەی کە لە ساتە شکۆفەییەکانی تەمەنم خەونم

پێوە دەبینی و بۆی دەکریام

ئێستە دڵم بوخچەیەکە لە گۆرانی و بەهارێکە پر لە گوڵ و

لێواو لە خەندە. . . ئێستە من رێبوارێکی ترم

ئێستە من ئەو عاشقەم، گۆرانیەکانی. کلارا و رۆزا و. . .

سروودەکانی. . . جەوهیل. . . تان بۆ دەلێم

وا هەست دەکەم من دووجار لە دایك بووم

ئێستە دەزانم کەوا. . من کەژاڵم من کەژاڵم، کەژاڵم کەژاڵ. . .

ئەو کەژاڵەم هەست بە رازە وەنەوشەییەکانی دلم دەکەم

ئەو کەژاڵەم شەوانان سەر بە مەمکۆلەی شە پۆلە گەرمەکانی

دەریا سپیدەییەکان دەکەم و گەردانە سوورەکانی ئارەزووەکانیشم

تێر ماچ دەکەم. . . .

ئەو کەژاڵەم رێگای عەشق و ئەوینم گرتووە لەگەڵ هاودڵەکانی خۆم

داڵدەی ئەو ژنانەین کە شیشەی زیندانە ئەبەدییەکان

لە دیوارە ئەستوورەکان دەردەهێنن و بۆلامان دێن

ئێمە لە ماڵەکانمان گۆرانی عەشق دەڵێین

ماڵەکانی ئێمە پراوپرە لە بەختەوەری

ئێمە بەرەو هەوارگەیەك دەرۆین،

لە دەروازەکەی نووسراوە،

ئێرە مەملەکەتێکی ترە. . . لێرە مرۆڤەکان

بە رەهایی سەما دەکەن و پێ دەکەنن و گۆرانی دەڵێن

www.kurdistannet.org
11/03/2002 10:14

لێرە عاشقەکان زیندە بەچاڵ ناکرێن، لێرە هەموو مرۆڤەکان عاشقن

هەولێر / ١٩٨٩/١/٢٥

---

* ئەم شیعرە لە کتێبی ( عەشق و بەرائەتی ئەو ) وەرگیراوە